## میوانێکی ناوەخت. . . مەریوان نەقشبەندی

هاوینەهەواری دوکان کۆبوونەوەیەکی بارزانی و تاڵەبانی و باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق (زەڵمای خەلیل زاد) ی لەخۆگرت، پێش چەند رۆژێکیش جەعفەری بەسەردانێکی لەناکاو گەیشتە بەریتانیا بەڵام تەنها لەلایەن وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتەوە پێشوازی لێکرا یان باشتروایە بڵێین گفتوگۆی لەگەڵدا کرا، هەردو سەرۆك تاڵەبانی و بارزانی پێش چەند رۆژێك یاداشتێکی ئاگادارکردنەوەیان بە سەرەك وەزیرانی عێراق و لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی یەکگرتووی عێراقدا و هەرەشەی هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەی جەعفەری دەکەن، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی یەکگرتوی (چاوەڕوانکراو) ی کوردستانیش نزیکەی مانگێکە لە ئەمریکا و وڵاتانی دەرەوەیە و لەگەڵ سەرکۆماری عێراقیشدا لەکۆشکی سپی چاویان بە سەرۆك و جێگری سەرۆك و گەورەبەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا کەوت و حەتمەن گفتوگۆی پشت پەردەکان و دوور لەچاوی کامێرا کراوە، د. ساڵح موتلەگی نوێنەری کۆنە بەعسیەکانی عێراق رایگەیاند کەوا عەرەب و ئەمریکا لە گفتوگۆیەکی گەرمدان بۆ گۆرینی یان چاککردنی چەند برگەیەکی ئەو رەشنووسی دەستوورەی کە هەندێك دەڵێن لەبەغدا دانەرێژراوە، بەڵکو لە تاران و هەولێر هەمووشتێك کراوە. سەرکردایەتی سیاسی کوردیش لەناکاو رازی بوو کە مەسەلەی گەرانەوەی کەرکوك و دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچەکوردیانەی کەهێشتا نەگەراونەتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2007 دوا بخرێت. رەشنووسی دەستووریش کە تەنها دوو هەفتەی ماوە بۆ دەنگدان لەسەری، هێشتا بەچاپکراوی نەگەیشتۆتە دەست دانیشتوانی عێراق، کە ئەمەش مانای وایە هێشتا هیوای دەستکاری یان چاکسازی تێداکردنی لەئارادایە و من پێموایە هەر دەستکاریکردنێکی لەبەرژەوەندی گەلی کورد و هەرێمی کوردستاندا نابێت، ئەوەی مەترسی لەلای من دروست کردووە ئەم سەردانەی (خەلیلزاد) ە بۆ کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانی، دەترسم گوشاری وڵاتانی عەرەبی و هەوڵی هاوبەشی ئێران و شیعەکان، هۆکاری ئەم سەردانەی باڵیۆزی ئەمریکا بێت و بیەوێت تەنازولی زیاتر بە کورد بکات، کە خوانەخواستە ئەگەر کرا، ئەوا نەك هەر عێراق بەڵکو کوردستانیش ئەو نیمچە ئازادیەی نامێنێت کە ئێستا هەیە و لەوانەشە ئەوکاتە گرفتی پارتی و یەکێتی و حزبە هاوپەیمانەکانیان تەنها لەگەڵ عەرەبی عێراق و وڵاتانی دراوسێ نەبێت، بەڵکو کێشەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بۆ دروست بێت کە بەشی هەرە زۆریان ئەندام و لایەنگر و پشتیوانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوون.